# شان بە شانی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان بووەستن!

بۆ

- پارت و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان
- ڕێکخراوانی ناحوکمەتی و سانديکاکانی باشووری کوردستان
- هاووڵاتيانی دڵسۆز لە باشووری کوردستان
- کوردانی باشووری کوردستان لە هەندەران

سڵاو و ڕێز!
بەڕێزتان ئاگادارن کە پەلاماری ئەرتەش و سوپای پاسدارانی جمهوری ئيسلاميی ئێران لەم مانگەی دوواييدا دژ بە گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان پەلامارێکی بێ ئەندازە دەر لە هەر هاوسەنگيەکی هێزە کە تيايدا دەيان شەهيد، سەدان بريندار و هەزاران گيراو هەن.
لەو هێرشانەدا هێليکۆپتەر، چەکی قورس، ماتۆڕسواری چەك بە دەست دژ بە خەڵکانێك کە هيچ جۆرە ئامراێکی بەرگريی شك نابەن بەکارهێنراون. ئامانجی دەوڵەت بڵاوکردنەوەی ترس و نيگەرانيی سياسييە لەو بەشەی کوردستاندا.
قورسايی ئەو هێرشانە زياتريش ديارن کە پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران بە ڕەچاوگرتنی بارودۆخی سياسيی باشووری کوردستان و بە ڕێزگرتن لە سەقامگيريی سياسيی باشووری کوردستان نەيانوويستووە و نايانەوێت وەڵامی چەکدارانە بە هێزەکانی ئێران بدەنەوە، بەڵکو تا ئێستاش بە هەستی بەرپرسياريی و ئارامیی سياسييەوە هەوڵ دەدەن وەڵامی ڕووداوەکان بدەنەوە کە بێگومان بەڕێزتان دەزانن لە ڕووی سياسيەوە کارێکی هاسان نييە و کە ڕەنگە لەسەريشيان بکەوێت.
پێويست ناکات بهێنمەوە بيری بەڕيزتان کە گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا هەميشە پشت و پەنا و دڵسۆزی بێ مقابيلی گەلی باشووری کوردستان بوون. هاوکاری، يارمەتی و هاوڕێيەتی ئەوان، لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات، لە هەر سەعاتێکی مێژووی ئێمەدا بە ڕوونی ديارە.
ئەم هێرشانە دژ بە گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان کاتێك ڕوويان دا کە دەستەڵاتی سەرەککۆماريی لە نێوان محەمەدی خاتەمی و ئەحمەد نەژاددا تاووتێ دەکرا و ئێستاش کە ئەحمەد نەژاد پۆستی سەرەککۆماريی وەرگرتووە هەر بەردەوامە. ئەمە بەلانی کەمەوە بەو مانايە دێت کە دەستەڵاتی جمهوری ئيسلاميی ئێران سيستەماتيکانە و پلان بۆکراوانە سياسەتی توندوتيژيی دژ بە گەلی کورد بەکار دەبات.
تيرۆريزم و سياسەتی شۆڤێنيانە و داگيرکارانەی ئەوان لە سەر هەموو ئاست و لە هەموو بوارێکدا لە کوردستاندا ديارە کە لە وێرانکاری، دزی و ڕاووڕووت و کوشتن و لەناوبردندا خولاسە بووەتەوە.
لە کاتی وادا گرينگە کە دەستەڵاتی سياسی جۆر بە جۆر لە باشووری کوردستان لە سەر ئاستی سياسی جودا فشاری سياسی و ديپلۆماسی بهێننە سەر جمهوری ئيسلاميی ئێران کە کورد هەم لەسەر ئاستی ئێراق و هەم لەسەر ئاستی کوردستان ناتوانێت لەسەر ڕووداوی وا شايان باس بێدەنگ بێت. ئەو ڕووداوانە بێگومان کاريگەريی نەرێنيی لەسەر ئێراق بەگشتی و کوردستان بەتايبەتی هەيە.
بەڕێزان!
ئێوە ئاگادارن کە کاريگەريی جمهوری ئيسلاميی ئێران لە ناو باشووری ئێراقدا لەسەر ئاستێکی بڵندە و ئەو نفوزە سياسيە ڕاستەوخۆ کارتێکردنی خۆی لەسەر کارە سياسيەکانی باشووری کوردستان جێ دەهێڵێت.
هاوکات کە جمهوريی ئيسلاميی ئێران پارسەنگی دەستەڵات بەلای شيعەکاندا دەبات، لە کوردستان ئەو پەڕی توندوتيژيی سياسيی و سەربازی بەکار دەبات تا بێ لە بڵاوکردنەوەی ترس و نيگەرانيی، هەروەها کاتی کورد کە بە نرخە بە هەدەر بەرێت و پارت و ڕێکخراوەکانی خۆرهەلاتی کوردستان جوك دەدات بکەونە هەڵەوە.

داوا لە بەڕێزتان و هەموو بەڕێزانی دیکە لە باشووری کوردستان دەکەم کە بە هەموو شێوەیەك و لە هەر ڕیگایەکەوە مومکین بێت هەوڵ و توانای خۆتان بخەنە گەڕ. با گەلی کورد لە باشووری کوردستان سوود لە مافی یاسایی خۆیان وەربگرن کە چالاکی خۆپیشاندان و مانگرتن و سیمینار ئەنجام بدەن، کە دەنگی نارەزایی خۆتان بە بنکە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیەکان، بە ڕێکخراوانی ناحکومەتی و خێرخوازیەکان بگەیەنن، کە یارمەتی پارە، دەرمان و جلوبەرگ و شتی دیکە بگەیەننە دەست پێویستتان، کە لە ڕۆژنامە، کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن، کۆڕ و چالاکی دیکەدا بە بەردەوامی باسی بکەن.
گەلی کورد لە باشووری کوردستان کە ساڵانێکی زۆر بە دەست خراپترین لە جۆرەکانی شۆڤێنیزمی نەتەوەی باڵادەستەوە دەی ناڵاند و خوێن و قوربانی داوە، بێگومان دەبێت هەوڵی جیددیانەی خۆی بدات و بێدەنگ و دەستەوەستان نەمێنێتەوە. هەروەها گرنگە هەوڵەکانی هەموومان دیار و بەرچاو بن و بە حیکمەتی سیاسییەوە ئەنجام بدرێن وا کە گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان بتوانن سوودی سیاسیی لێ وەربگرن.

وێڕای دووپاتکردنەوەی سڵاو و ڕێزم سوپاستان دەکەم و هیوادارم لە کارەکانتاندا سەرکەوتووبن.

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٥/٨/٧